سەید حەکیم داوا دەکات پەرەسەندن ڕابگیرێت و گفتوگۆ هەبێت و هۆشداری لە جموجۆلەکانی داعش دەدات



سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پێشوازی لە بەڕێز عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران کرد و لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسیەکانی ناوچەکە و چۆنیەتی گەڕاندنەوەی سەقامگیری کردەوە، هەروەها باسی ڕۆڵی عێراق لە بەستنی کۆنگرەی ئیسلامی بۆ وەزیرانی دەرەوە کرا کە بۆ ئەوەیە دیدی ولاتە ئیسلامییەکان ڕوون ب□تەوە بەرامبەر کێشەکانی ڕووبەڕووی عێراق وولاتانی ناوچەکە و موسلمانان دەبێتەوە.

بەڕێز حەکیم ستایشی خۆڕاگریی خەڵکی ئێرانی لە بەرامبەر ئاستەنگەکان کرد و جەختی لە سەر پێویستی ڕاگرتنی پەرەسەندن و کۆتایی هێنان بە دۆخی جەنگ و گرژیی ناوچەکە لە ڕێگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کردەوە، بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک کە هەموو لایەنەکان ڕازی بکات و سەروەری و ئاسایشی وڵا تانیش بپارێزێت.

لەسەر ئاستی عێراقیش، سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە عێراق دەستکەوتی زۆری لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنیدا بەدەستهێناوە، هەروەها داوای وریایی کرد سەبارەت بە هەر جوڵەیەکی ئەگەری لەلایەن چەتەکانی داعشەوە، دوای کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، هەروەها بەرێزیان بانگەوازی خۆی نوێکردەوە بۆ دەرکردنی پەیامی دڵنیایی لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق، و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرییەکان بە یەکگرتوویی نەتەوەیی زیاتر و یەکگرتوویی ناوخۆیی..